کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

چەند تیشکێک لەسەر بابەتێکی بەڕێز ڕۆزە عەبدوڵڵا...... *بۆچی گەنجان پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن؟*

پاش ڕێز و سڵاو:

پێشەکی دەستخۆشیت لێ ئەکەم لەو بابەتە کۆمەڵایەتیەی کە نوسیوتە، ڕاستی یەکەی ئەم نوسینە قسەو باسی زۆر زیاتری لەسەر هەڵئەگیرێ لەوەی کە من چەند تیشکێکی بخەمە سەر.

ئەگەر بە خێرایی سەیرێکی ڕابووردوو بکەینەوە، چەندین بۆچون و تێڕوانین هەیە لەسەر مەسەلەی خۆکوشتن ئەویش لە زاری زۆربەی فەیلەسوفە بیانیەکانەوە بە وێنە (کامۆ، سارتەر،... هتد). ئەمان بە ئامارو واقعیەتی ئەو ناوچەیەی کە تیایدا ژیاون بۆچوونیان هەبووە. بۆیە لێرەدا تۆ زۆر زیرەکانە باس لە خۆکوشتن ئەکەیت لە لای گەنجانی کورد و ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە ئێستا تێی دا دەژین.

تیشک لەسەر ناوەڕۆکی نوسینەکەی بەڕێزت:

1-کاتێک کە دەڵێیت: (زۆر جار سەرچاوەی خۆکوشتن بەبێ فاکتەر لە قەڵەم دەدرێ).

من لەگەڵ ئەو بۆچونەیانا نیم، چونکە مەحاڵە کە هەر ڕووداوێک ڕوویدابێت هۆیەک یان سەرچاوەیەکی نەبووبێت. جا ئەکرێ هۆکارەکانی جیاواز بن. بەنمونە ئەگەر کەسەکە لە بێ ئاگاییدا (لاشعور) ئەو بڕیارەی دابێ، یان لە هەڵچونێکی دەروونی یەوە، یاخود لە خۆخواردنەوەو گرژبوونی دەمارەکانی کەسەکەوە بووبن.

کەواتە ئەم حاڵەتانەش هۆکار یان سەرچاوەیان هەر هەبووە، جا هۆکارەکان چی دەرەکی بووبن (کۆمەڵ و دەوروبەر- سیسیۆلۆجی) یان ناوەکی (دەروونی -سایکۆلۆجی) یاخود جەستەیی (فیسیۆلۆجی).

2- کاتێک تۆ خێزان بە خاڵێکی گرنگ دا ئەنێیت.

بە بۆچونێکی کلاسیکی بەڵێ خێزان فاکتەرێکی سەرەکییە کە کاریگەری یەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تاک لە کۆمەڵدا.

بەڵام بە گشتی لەلای خێزانی کورد ئەتوانم بڵێم ئەوەی کە کاریگەریان هەبێت لەسەر تاک، ئەویش لە لایەنی ڕوحی و کەمێکیش لایەنی ئابووری یە وەیە. باقیەکەی تری کۆمەڵێک پرسیاری بێ وەڵامن کە خێزانی کورد بێ ئاگان لێیان، بە وێنە:

دروستکردنی منداڵ و پەروەردەکردنی زیاتر چاولێکردنە نەک بە بەرنامەو بڕیاندان بێت.

بە واتایەکی تر زیاتر خویەکی نەریتی و کۆمەڵایەتی یە و بۆمان ماوەتەوە، بە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێت.

نەبوونی زانیاری گشتی بە شێوەیەکی زانستی لەسەر پێویستییە کانی منداڵ بە تایبەتی وە گەنجیش بە گشتی.
کەمی ئەم زانیاریانە ئەبنە دیوارێک لەبەردەم داهێنان و گەشەپێدان.

3- باس لە لاوازی و سادەیی کەسایەتی ئەکەیت لە بناغەوە.
ئەم بۆچەنەیان تا ڕادەیەک کاڵ و کرچە، چونکە کاتێک ئەکەویتە ناو کۆمەڵگەیەکی وەک و کۆمەڵگەی کوردەواری خۆی لە خۆیا جەنگە لە نێوان بوون و نەبوون دا.
جا هەندێ کەس خۆی ڕائەهێنێت لەو جەنگەدا، وە هەندێکیشیان بەداخەوە هەڵدێن یان گۆشەگیر ئەبن. کەواتە لاوازی بە گشتی لای کۆمەڵە لە بنەڕەتدا!
کاتێک کە منداڵێک لە دایک ئەبێ و وە هیچ زانیاری یەکی نەبووە کە دروست ئەبێ! کاتێکیش کە ئەکەوێتە پرسیارکردن بە دەگمەن پرسیارەکانی وەڵام ئەدرێنەوە. وە ئەگەر وەڵامیشی بدرێتەوە پاساوی بێ وولاتی و کۆمەڵێک ڕوونکردنەوەی تەقلیدی بۆ ئەهێنرێتەوە، کە زۆر دوورن لە خواست و ویستی منداڵێک.
ئەمانەو دواتریش قوتابخانەیەکی وێرانی وەک ڕۆژهەلات ئەبێ چ قووەتێک بدەن بە کەسایەتی تاک؟

لە کۆتاییدا لەدووای هەموو تێبینی یەکانمەوە، دەنگ ئەخەمە پاڵ دەنگی بەڕێزت بۆ ڕێگرتن لە خۆکوشن، چونکە هەلی ژیان و بنیادنان یەک جارە کە ڕۆیشت ناگەڕێیتەوە.
هیوادارم نمونەت زیاد بێت و بەردەوام بیت لە نوسین.

**ئومێد لەتیف**
Omed_arif@hotmail.com